کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17:41 8-1-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کەیسی زمانی یەکگرتوو بەشی 5 .. لەناو بردنی زمان، سڕینەوەی کەسایەتی و قەدەغەکردنی مافی ژیانە ... ئاسۆ بیارەیی

2007-1-6

لەبەر ئەوەی کە زمان ئامرازی پێوەندی کردنی مرۆڤە لە گەڵ مرۆڤەکانی دی و سەرچاوەی کەسایەتیە، پەروەردەی کۆمەڵایەتی بە هۆی زمانەوە گەشەی پێ دەدرێت، هەر هەوڵێک بۆ قەدەغەکردن و سەرکوێرکردنی، سەرەتایەکە بۆ گۆشەگیرکردنی ئەو مرۆڤە و ڕوتکردنەوەی لە هەموو مافێکی مرۆڤانە. بەهۆی زمانەوە مرۆڤەکان دەتوانن لەگەڵ یەکتر بدوێن و خۆیان بەو گروپ و یا کۆمەڵگەوە ببستنەوە. بە بۆچونی نیلسۆن، لەڕێگەی زمانەوەیە کە پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان مرۆڤەکان لە دایک دەبن، بوونی زمانی ئاخافتنە کە گیانی بەکۆ و نزیک بوونەوە دەخەملێنێت و هۆگربوون گەشە پێ دەدا. کۆمنیکاسیۆن یان پێوەندیکردن زانیارگۆڕینەوە، بیرۆکە دروست کردن و هەست دەگرێتە خۆی کە سەرچاوەی کەسایەتی دەسەلمێنێت (نیلسۆن و واڵدمارسۆن، 1994) .



کەواتە بە پێی بۆچونی ئەو لایەن و کەسانە، بەتایبەتی ئەوانەی کە بایەخی بوونی زمان بە شێوەیەکی زانستی هەڵناسەنگێنن (لایەنی ئیسلامی و ئەوانەی پابەندی نەتەوەی سەردەستن، ئەوانەی لەڕوی سۆزەوە دەڕواننە کێشەی نەتەوایەتی) بە قەدەغەکردن بەشەکانی زمانی کوردی و سەپاندنی زاراوەی سۆرانی بە سەر پێکهاتووە بنچینەیەکانی زمانی کوردی، کە هەریەکەیان قورسایی و گرنگی خۆی هەیە، گەورەترین زیان لە کەسایەتی نەتەوەی کورد دەدەن وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو، چونکە بەشێکی زیندوی پێکهاتەکە پەراوێزدەکەن. شکاندن و سەرکوێرکردنەوەی کرمانجی و هەورامی بۆ نموونە، نەک تەنها کەسانی ئەو دوو زاراوەیە تووشی تەزاندن و دەخاتە سەنگەری کاردانەوە، بەڵکو دەبێتە هۆی ناکۆکێکی ناوەخت و جەستەی نەتەوەی کورد نیزیک هەڵدێرێکی مەترسیدارتر دەکاتەوە. سەیر لەوەدایە ئەو لایەن و کەسانە کە بانگەشەی سەپاندنی زاراوەی سۆرانی دەکەن، ئامادەن زمانی داگیرکەران پەسەند بکەن و منداڵانی کوردستان، بۆ نموونە قورئان خەتم بکەن، بەبێ ئەوەی لێی تێبگەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو منداڵانە بێبەری دەکەن لە ئەوەی کە هوشیاریان هەبێت لە سەر ئەو زمانەی کە خۆیان پێ دەدوێن، کە سیمبۆلی کەسایەتی و بوونیان دەسەلمێنێت. ئەو لایەن و کەسانە، دەبێت بەرپرسی خۆیان لە ئاست شێواندی کەسایەتی کۆمەڵگەی کوردی شیبکەنەوە و ناوەڕۆکی نەخشەکانیان بخەنە ڕوو، نەک تەنها ڕوکەشیانە باس لە کەیسی یەکگرتووی زمانێک بکەن. پێویستە لە باتی هەڵنانەوەی هەنگاوێک بۆ قەدەغەکردنی زاراوەکانی تر، زمانی کوردی لە ووشەی نەتەوەی سەردەست پاک بکرێتەوە و پردی وابەستەیی نێوان ئەو دوو زمانە بروخێنرێت نەک پەرەی پێ بدرێت. هەر ئەو گروپ و کەسانە، خودی سۆرانیەکەی خۆیان دەستەمۆی دەستەواژەی عەرەبی ئیسلامیە و ناتوانن خۆیان لە پابەندی زمانی نەتەوەی سەردەست ڕزگاربکەن، بەڵام جاری قرانی هەورامی، کرمانجی، فەیلی و بەشەکانی تری زمانی کوردیان دەدەن.

سەپاندنی زاراوەیەک یان زمانێک بە سەر نەتەوەیکی تردا لە بەر ڕۆشنایی ئەو تیۆر و گریمانە زانستیانەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی لە بارەی گرنگی زمان بۆ کەسایەتی مرۆڤ وەکو گیان لەبەرێکی کۆمەڵایەتی، درەهاویشتەی نەگەتیڤی لێ دەکەوێتەوە، چونکە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و بوونی

ئەو کەس و کۆمەڵگەیەوە هەیە (نیلسۆن و والْدمارسۆن، 1994) . ئەوە دەبێتە هۆی بچڕاندی پێوەست و ڕوخاندی ستونەکانی کەسایەتی تاک و کۆمەڵگە و لابردنی ئەو شیرازانە کە پێویستن بۆ یەکبوونی کۆمەڵگە و نەتەوە.

دروست کردنی گروپگەلی دژ (Brown، 2000) و قوڵکردنەوەی کێشەکانی زمانی کوردی، لە ساتێکی وادا، بۆ قازانجی نەتەوەی سەردەست کە 1400 ساڵە گەلی کورد ئەنفال دەکات، دەڕژێتە ئەو خانەیەوە کە پاساو بدات بە نەتەوەی سەردەست، بەتایبەتی عەرەب بۆ گۆی نەدان بە هەزارەها قوربانی ئەنفال و سیاسەتی جینۆسایدی هەشتاساڵەی ڕژێمە عەرەبیە ئیسلامیەکەی عێراق، کە کوردی تیادا کۆیلەیە. لێرەوە پێویستە ئەو گروپ و لایەن و کەسانە، ووزەی خۆیان بۆ دژایەتی کردنی نەتەوەی سەردەست تەرخان بکەن، نەک بکەونە جەستەی پێکهاتەی بەشەکانی زمانی کورد. ئەگەر ووتنەوەی قورئان بە عەرەبی و بانگدان لە ڕۆژێکدا پێنج جار تەعریب نەبێت، ئەی چی ناوی تەعریبە؟ ئایا ئەو لایەن، گروپ و کەسانە، سەرنجی ئەوەیان داوە کە گرنگی دان بە ئاینی نەتەوەی سەردەست، چی زیانێکی مێژوویی بە کەسایەتی و ناسنامەی نەتەوایەتی کوردی داوە؟ کە کەسایەتی خۆشیانی شێواندوە و ناتوانن خۆیان یەکلایی بکەنەوە؟

---

سەرچاوەکان:

باسی زانستی لە سەر کاریگەری زمان لە سەر کەسایەتی مرۆڤ. زانکۆی خێڤدە/کۆلێژی دەروونناسی کۆمەڵایەتی.

B & Waldemarson A K (1994) . : Kommunikation Samspel mellan m□nniskor. Studentlitteratur ،Nilsson

.R (2000) : Group Processes. Library of Congress Cataloguing- in- Publication Data ،Brown